کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:37 27-12-2006

# دەسەڵاتێکی گەندەڵ و میللەتێکی هیچ!! ... هێمن عومەر



پێشکەوتن و گەشەسەندنی هەر وڵات و هەرێمێك دەر ئەنجامی دەسەڵاتێکی عەقڵانی و حەز کردوە بە پێشکەوتن و خۆشەویستی نیشتمانەکەیە لە دڵی بەرپرسەکاندا و دوای ئەوە پێویستی بە میللەتێکی دڵسۆز و هەست کردوە بە بەرپرسیاریەتی لە ئاست خۆگۆڕین و چاککردنی لایەنە خراپەکان بەڵام لە خوا بەزیاد بێت ئێمەی کورد لە هەردوو لا ماڵ ویران و لە هەردوو لا بەد بەخت و کلۆڵین ڕەنگە زۆر جار پەنجەی ڕەخنە لە دەسەڵات بەرزدەکەینەوە بەڵام ئەوەندەی من وەکو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە تێگەیشتبم و لە نێو خەڵکدا ژیابم هێندەی خۆمان هیچ و بودەڵین هێندە دەسەڵات گەندەڵ و پوچ نیە دەکرێ ئەوەش بڵێن دەسەڵاتی کوردی بەرهەمی کۆمەڵگای کوردیەو بەرپرسانی دەسەڵات کوڕی ئەو کۆمەڵگایەن خۆ ئەگەر عەیبەیەك کە هەزار عەیبەیان لێیە هەبێت ئەوا بەڵگەی ئەوەیە کە کۆمەڵگا دروست کەری ئەو بەرپرسانەیەو لە باوەشی کۆمەڵگادا لە دایك بوون.

ئەگەر گەشتێکی سەر پێیی بە نێو ژیان و بازارەکانی کوردستاندا بکەیت ئەو ڕاستیەت بۆت دەردەکەوێت کە میللەتێکی بێویژدان کەوتوتە ناو ڕوتاندنەوەی یەکترو بە ڕاست و بەچەپ غەدر لە یەکتری دەکات فرۆشیار لە لایەك بێ ویژدانی دەکات و کڕیاریش لە لایەکی دیکە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە.

سەرەڕای ناهۆشیارو تێنەگەیشتن لە مەسەلەکان هەریەکەی بە شێوەیەکی سۆز دەڕوانێتە مەسەلەکان و زۆربەی جار ڕاستیەکان بەهۆی سۆزی لایەك و لایەنێك دەر ناکەوێت و پەردەپۆش دەکرێت هەر بۆیەش دەسەڵاتیش کە بەرهەمی ئەو کۆمەڵگا دواکەوتوەیە بەو عەقڵیەتە لێی دەخوڕێت و خۆ ئەگەر تێشی بگات ئەو هەست بەوە دەکات کە ئەو خۆ گێل کردنە لە بەرژەوەندی ئەو دایە ئەگەر نا دەسەڵات باش لەوە گەیشتووە کە زۆر شت هەیە ئەرکی دەسەڵات نیە بیکات بەڵام بۆ داخستنی پاشەڵی دڕاوی گوێ ناداتێ و بۆ بەردەپۆش کردن و چاو بەستی شتی دیکە هەر ئامادەیە بیکات بۆ نمونە ئەرکی دەسەڵات نیە هاوڵاتیان بباتە حەج و کرێی هۆتێلیان بۆ بدات چونکە ئەوە پەیڕەو کردنی ڕێو ڕەسمێکی ئایینیەو پەیوەندی بە کەسێکەوەیە کە توانای جێ بە جێ کردنی ئەو ئەرکە ئاینیەی هەیە بیکات نمونەیەکی دیکە دانی دەرماڵە بۆ قوتابیان و خوێندکاران هەزاران نمونەی دیکەی لەو شێوەیە بە بڕوای من دەسەڵات هەموو ئەو کارانە بۆ ئەوە دەکات چاوپۆشی لە نەبوونی کارەبا بکرێت چاوپۆشی لە نەبوونی نەوت و سوتەمەنی بە گشتی بکرێت چاو پۆشی لە دابین نەکردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ هاوڵاتیان بکرێت، گەنجان فەرامۆش بکرێت، هەوڵی یەکسانی کۆمەڵایەتی بدات، چونکە ئەگەر حکومەت ئەوکارانە نەکات پرسیاری ئەوە دروست دەبێت لە نێو کۆمەڵگا مێگەلەکەمان ئەدی حکومەت ئیشی چیە؟ بۆ ئەوەی ئەو پرسیارانە نەبێت حکومەت لە ئەرك و کارە ڕاستەقینەکەی لایداوەو بە سۆزو عەتفی میللەتەکە لێی دەخوڕێت و پێمان دەڵێت کەرە مەمرە بەهارە کورتانت وا لە شارە.